### له‌ پشده‌ر و بتوێن

## هێشتا دیارده‌ی ره‌دووكه‌وتنی كچان ده‌بینرێت

# هه‌ندێك له‌ كچان ره‌دووی ئه‌و كوڕانه‌ ده‌كه‌ون كه‌ خێزانـــ

# ئه‌نجامدانی هاوسه‌ری له‌گه‌ڵیان



خونچه‌ حه‌مه‌د كچێكی گه‌نجی جوانه‌، نه‌یهێشت بزانم ته‌مه‌نی چه‌نده‌، به‌ڵام له‌وه‌ ده‌چوو ته‌مه‌نی نزیكه‌ی سی ساڵێك بێت. سپیكه‌ڵه‌یه‌كی بالأبه‌رز، دوو چاوی بایامی ره‌ش له‌سه‌ر ده‌موچاوێكی درێژكۆله‌ دیمه‌نێكی ئێجگار جوانی پێبه‌خشیبوو. له‌چكێك كه‌ نیوه‌ی قژه‌ ره‌شه‌كه‌ی داپۆشیبوو به‌سه‌رییه‌وه‌ بوو. ئه‌و ده‌ ساڵێك له‌مه‌وبه‌ر حه‌زی له‌ كوڕێك كردووه‌ به‌ ناوی چالاك به‌ڵام باوكی ناهێڵێت شووی پێبكات و ده‌بێته‌ رێگر له‌به‌رده‌م به‌یه‌كگه‌یشتنیاندا. دۆخێك دێته‌ پێشه‌وه‌ كه‌ هیچ چاره‌یه‌ك له‌به‌رده‌میدا نامێنێته‌وه‌ و سه‌ره‌نجام ره‌دووی كوڕه‌ی دڵخوازی خۆی ده‌كه‌وێت...

زۆرجار كچه‌كان كه‌ په‌نا ده‌به‌نه‌ به‌ر ره‌دووكه‌وتن له‌به‌رئه‌وه‌یه‌ باوك، برا، یان مام یان هه‌ر خزمێكی خۆیان ده‌یانه‌وێت به‌زۆر بیانده‌ن به‌ كه‌سێ كه‌ خۆیان حه‌زیلێده‌كه‌ن.

ناسكه‌ عه‌بدولأ وتی " باوكم منی دیاریكردبوو بۆ خزمێكی خۆی كه‌ زۆر له‌ من گه‌وره‌تر بوو، من به‌ هیچ جۆرێ به‌دڵم نه‌بوو، له‌گه‌ڵئه‌وه‌شدا من خۆشه‌ویستی خۆم هه‌بوو بۆیه‌ ره‌دوویكه‌وتم ".

كچێك كه‌ نه‌یویست ناوی بڵاوبكرێته‌وه‌ هۆی ره‌دووكه‌وتنه‌كه‌ی خۆی گه‌ڕانده‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی كه‌ حه‌زی له‌ كه‌سێ كردووه‌ و زیاتر له‌ پێنج جار هاتۆته‌ داوای، به‌ڵام ماڵه‌وه‌یان نه‌یانداوه‌تێ بۆیه‌ ئه‌ویش هانی خۆشه‌ویسته‌كه‌ی داوه‌ هه‌ڵیگرێت.

حه‌لیمه‌ حه‌سه‌نی 31 ساڵ كه‌ پێشتر كچی ماڵه‌وه‌ بوو زۆر خۆشحاڵه‌ به‌وه‌زعی ئێستای چونكه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌سه‌یه‌ كه‌ به‌ دڵیه‌تی و ئه‌ویش له‌گه‌ڵی باشه‌ و سه‌باره‌ت به‌ ماڵی باوكیشی وتی " ئێستا قبوڵكرامه‌ته‌وه‌ و قاچاخ نیم ".

ره‌دووكه‌وتن واته‌ هه‌ڵهاتن له‌ كۆمه‌ڵگه‌ و خێزان و

## ـــه كانیان رازینین

راپۆرتی حەسەن مینە - رانیە



شوێنکەوتنی ئەو کەسەی کە دڵخوازتە.. کوڕێك حەزی لە کچێکە و دەنێرێتە لای ماڵیان و داوای دەکات تا بیدەنێ و ژیانی هاوسەرگیریی پێکەوە بنێن، بەڵام لەونێوانەدا کوڕێك کە دەکاتە برایەك، پیاوێك کە رەنگە باوك بێت قوتدەبێتەوە و ناهێڵێت کچە شوو بە دڵخوازی خۆی بکات. پاش چەندجار داواکردن لەلایەن کوڕ و رەتکردنەوە لەلایەن ماڵی کچەوە، کچی داواکراو پاش ئەوەی چارەی نامێنێت و ئاگری جگەر هەڵیدەگرێت، لەگەڵ دڵخوازەکەیدا هەڵدێن بۆ شوێنێك کە دەستی هیچکامێك لەو دوو خێزانەی پێنەگات ئەمەش لەو ناوچانەدا بە رەدووکەوتن ناوزەد دەکرێت..

حەلیمە کە پێشتر قبوڵ نەکرابۆوە لەلای باوکی و براکانی، زۆر نارەحەت بوو، چونکە زۆر تامەزرۆی ماڵەوەیان بوو.

هەرچی ناسکەش بوو پێی وابوو ئێستا ژیانی زۆر ناخۆشە، چونکە لەلایەن خەڵکەوە بەچاوی سووك تەماشادەکرێت و ناتوانێ بچێتەوە ماڵی باوکی، سەرەڕای هەموو ئەمانەش مێردەکەی لەگەڵیدا باش نییە، بۆیە حەزدەکات بمرێت...

رەدووکەوتن لەم دەڤەرەدا دەگەرێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەوبەر و تا سالانێکیش لەمەوبەر دیاردەیەکی بەربلاوبوو، بەلام چەند ساڵێکە رێژەکەی بە ئاستێکی زۆر دابەزیوە. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری دایك و باوکان و رازیبوونیان بەوەی کە کچ و کوڕەکانیان بەدڵی خۆیان شووبکەن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو دایك و باوکان ئەو قەناعەتەیان بۆ دروست بووە، بەڵکو هەتا ئێستاش هەندێ لەو کوڕ و کچانە پەنا دەبەنە بەر ئەم دیاردەیە.

محەمەد رەحمان ــ 29 ساڵ وتی " راستە رەدووکەوتن دیاردەیەکی خراپە و دەبێزرێ لای خەڵك بەڵام دەبێ خەڵکیش ئەوە بزانن ئێمەش کە پەنامان بردۆتە بەر ئەم کارە لە ناچاریدایە ".

پورە ئەستی 53 ساڵ پێیوابوو زۆر عەیبە بۆ کچان گەر رەدووبکەون، ئەو بۆخۆی پێیوایە ئەگەر ددانی پیری بێتەوە لە ماڵی بابی باشترە لەلای وەك لەوەی رەدووبکەوێت. بەڵام حەسەن عەبدوڵا 42 ساڵ وتی " ئەگەر کچێك بەشێوەیەکی جوان چەند جارێك کوڕێك هاتە داوای و ماڵی باوکی نەیاندایێ حەقی خۆیەتی پەنابەرێتە بەر ئەم کارە ".

ئەو کچ و کوڕانەی رەدوودەکەن دەبێ شوێنێك هەبێت بۆ مانەوەیان، ئەگەر نا لەلایەن کەسوکاری کچەکەوە دەکوژرێن، بۆیە باشترین پەنا بۆیان ماڵی ئاغاکانە.

هەمزە عەباس مامەند کە ئاغایەکی دیاری ناوچەکەیە وتی " تا ئێستا زیاتر لە (200) حاڵەتم جێبەجێکردووە، ساڵان ئەم دیاردەیە زۆربوو، بەڵام ئێستا زۆر کەم بووە ".

یەك لەو حاڵەتانەی کە هەمزەئاغا باسیکرد و تازە روویداوە، ژنێك بوو کە ئێستا لە لای ماڵی هەمزەئاغایە و خاوەنی پێنج منداڵە و بە بچوکی بەشوو دراوە بە پیرەمێردێك کە بە دڵی نەبووە و ئێستا کەسێکی تری بە دڵە و مێرد و منداڵەکانی بۆ بەجێهێشتووە.

شوێنی مانەوەی کچ و کوڕەکان جیایە ئەگەر کچ و کوڕ بن یەکسەر لەیەك مارەدەکرێن و شوێنی مانەوەیان بۆ رێکدەخرێت، بەڵام ئەگەر ژن و پیاو بن ئەوا شوێنیان جیایە تا ژنەکە عوزرەکانی دەشوا و دواتر لە یەك مارەدەکرێن...

مریەم حەسەن خێزانی کاك هەمزە وتی " ژن و پیاوێکی تر هاتن دە رۆژ لێرە مانەوە و کوڕەکە (60000) دینار و کچێکی دا بە مێردی ژنەکە و دواتر پێکهاتن و سوڵحیان کرد.

ئەو کچانەی لەو ماوەیەدا لە ماڵی ئاغاکان دەمێننەوە ئیشوکار لەگەڵ ژنەکان دەکەن و پیاوەکانیش لە دیوەخان خزمەتی میوانەکان دەکەن، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کچ و کوڕەکان وەکو منداڵەکانی ئەم ماڵە تەماشادەکرێن و جلوبەرگیان بۆ دەکڕدرێ و خزمەتدەکرێن، لە کاتی سوڵحیشدا تا ئەوپەڕی یارمەتییان دەدرێ. هەمزەئاغا وتی " داوا لە هەموو کوڕ و کچەکان دەکەم کە پەنا نەبەنە بەر ئەم دیاردەیە و داوا لە ئێمە بکەن هەر چۆنێك بێت بۆیان دەخوازین "

خونچە حەمەد بەدەم بژارکردنی برنجەکەی بەردەستییەوە وتی " بەداخەوە بابم ئەوەندە کەللەرەق بوو نەیهێشت بەدڵی خۆم شووبکەم و وەکو کچانی تر سەربەرزبم تا حاڵم بەوە گەیشت رەدووکەوتم، بۆیە ئێستا هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکەم کە خەڵك بە چاوی سووك تەماشام دەکەن و ماڵی باوکیشم قبوڵیان نەکردوومەتەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دڵخۆشم، چونکە بۆ ئەو کەسە بووم کە خۆشمدەویست "